نێچیرڤان بارزانی سەرکۆنەی هێرشەکەی سەر کۆرمۆر دەکات

سەرۆکی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، "زۆر بە توندی سەرکۆنەی هێرشی درۆنی ئەم ئێوارەیەی سەر کێڵگەی گازی کۆرمۆر دەکەم، حکومەتی عێراقی فیدراڵ پێویستە ئەرکی خۆیان بۆ ڕێگری لەو هێرش و پەلامارانە جێبەجێ بکەن."

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە راگەیەنراوێکدا بڵاویکردەوە، "زۆر بە توندی سەرکۆنەی هێرشی درۆنی ئەم ئێوارەیەی سەر کێڵگەی گازی کۆرمۆر لە سنوری قەزای چەمچەماڵ لە پارێزگای سلێمانی دەکەم کە بەداخەوە شەهید و بریندااری لێکەوتوەتەوە و بوەتە هۆی پچڕان و کەمبونەوەی بەرهەمهێنانی کارەبا و لەکاروەستانی وێستگەکە."

نێچیرڤان بارزانی ئاماژەی بەوەشکردوە، "سەرەخۆشی لە خێزان و کەسوکاری شەهیدان دەکەم و هاوخەمیانم و هیوای زوچاکبونەوە بۆ بریندااران دەخوازم، دوپاتی دەکەمەوە کە ئەم هێرشانە ئارامی و سەقامگیریی وڵات دەخەنە مەترسییەوە و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ پێویستە ئەرکی خۆیان بۆ ڕێگری لەو هێرش و پەلامارانە و دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی لە هەر لایەنێك بن بگیرێن و بە سزای یاسایی بگەیەنرێن."